هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

کۆماری عێراق
وەزارەتی پەروەردە

# خوێندنەوەی نوێ

بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

**لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە**
**دایناوە**

چاپی ( الطبعه ) /٢١     ١٤٠٢ك - ١٩٨٢ز

لە چاپخانەی ( دار القادسية للطباعة ) لە چاپ دراوە

ناو : ...هەرێم........

پۆل :. دووەم

قوتابخانە: دومارهاگێن ...



## چـەك هەڵگرن

بابە ، برام ۰۰ چـەك هەڵگرن
هـەموو بـۆ خـەبات راپـەڕن
دەڕۆین بـۆ کـۆڕی تێکۆشـان
دەمـرین ، تـا بژی نیشـتمان
بــۆ سـەربـەرزیی نیشـتمانم
پێش کـەش دەکـەم مـاڵو گیـانم



## خـاوێنی

سالار قوتابی‌یەکی خاوێنە · لە پێش نان‌خواردندا هەر دوو دەستی دەشوات ، هەروەها لە دوای‌نان‌خواردنیش ، هەموو حەفتەیەك لەشی خۆی دەشوات‌و بەرگی خاوێن لەبەردەکات · نینۆکەکانی دەقرتێنێت خۆی ڕێك‌دەخات · سالار خۆشەویستە چونکە خاوێنە ·

# ڕاهێنــان

١ ـ بۆچی سالار خۆشەویست بوو ؟ چونکە ......

٢ ـ واتای ئەمانە لێك بدەوە :

خــاوێن

بــەرگ

نینــۆك

٣ ـ لە دەفتەرەکەتدا پێنج جار ئەمە بنووسە :

سالار نینۆکی خۆی دەقرتێنێت و بایەخی بــە خاوێنیی خۆی دەدا .

# ئەڤ مرۆڤانە کارِ دەکەن



ماموٚستا قوتابی
ڤێر دەکات



پزیشك نەخۆش
چارە دەکات



وەستا دیوار
دروست دەکات



دارتاش کورسی
دروست دەکات



جوتیار زەوی دەکێڵێت



بازرگان کوتاڵ دەفرۆشێت



ئاسنگەر پەنجەرە
دروست دەکات



قەساب گۆشت دەفرۆشێت

# ڕاهێنــان

ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواوبکە :

١ ـ ــــــــــــــ کورسی دروست دەکات •

٢ ـ ئاسنگەر ــــــــــــــ دروست دەکات •

٣ ـ ــــــــــــــ دیوار دروست دەکات •

٤ ـ دکتۆر ــــــــــــــ چارە دەکات •

٥ ـ ــــــــــــــ قوتابی فێر دەکات •

٦ ـ بازرگان ــــــــــــــ دەفرۆشێت •

٧ ـ ــــــــــــــ زەوی دەکێڵێت •

٨ ـ قەساب ــــــــــــــ دەفرۆشێت •



# هەموو کاردەکەن

زۆراب جووتێ گاو چێڵو مراویو مریشکو کەڵەشێری هــەبوو ٠

کەڵەشێر سبەینێ زوو دەچووە سەر تەنووری بە دەنگی بەرز دەیخوێند : ققو قوو قوو قوو ٠٠٠ لەخــەو هەســتن زوو بە زوو ٠

مراوی دەیگوت : غاك ٠٠ غاك ٠٠ غاك ٠٠ بابچین بۆ ناو ئاوی پاك ٠

مریشك چەیگوت : گار ٠٠ گار ٠٠ گار ٠٠

هێلکان دەکەین بە هەزار ٠

**جووجەڵە دەی‌گوت : جیو ‥ جیو ‥ جیو ‥**
**گــا دەی‌گوت : جوت ‥ جوت ‥ جوت ‥ بابچــین بۆ کێڵگە بەجووت ٠**
**چێــل دەی‌گوت : دۆش ‥ دۆش ‥ دۆش ‥ کابان تۆش وەرە بلۆش**


## ڕاهێنـــان

ڤان چ دەبێژن ؟

١ ــ کەڵەشێر
٢ ــ مراوی
٣ــ مریشك
٤ ــ جووجەڵە
٥ ــ چێل
٦ ــ گاجووت
٧ ــ چۆلەکە

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | |
|---|---|
| کەڵەشێر | کەڵەباب |
| سپێدە | سبەینێ |
| کابان | کەی‌بانوو |
| پێکڤە | پێکەوە |
| ڤان | ئەمانە |
| ئەڤ | ئەم |



## گۆرانیی پێشڕەوان

ئێمە پێشڕەوی مەردین — هەموو بە دەستو بردین
بۆ بەجێهێنانی خزمەت — چوستو چالاکو گورجین


ئەمڕۆ ڕۆژی غیرەتـە
ڕۆژی هەوڵو هیمەتە

با هەموومان تێ بکۆشـــین
دەربچین لـەم وەحشەتە

ئێمـە کـە نەوجەوانـین
هەر بۆ خزمەت خولقاوین

بۆ هەمووومان لازمـــە
قەدری وەتـەن بزانـــین •





## دەنگـی مۆسـیقا

بنۆڕە شایی‌یە چۆپی‌یە لەوماڵە ٠

گوێ بگرە دەهۆڵە زوڕنایە شمشاڵە ٠

خۆ بهەژێنن ، سەما بکەن ، جوان هەڵ پەڕن ٠

چونکە : دەنگی مۆسیقا زۆر خۆشە ٠

وریا دەبین ، دڵخۆش دەبین ٠

سوپاس بـۆ تـۆ مامۆستا گیان ٠



## بۆقو چێل

ڕۆژێ بۆقێك لەناو مێرگێكدا وازیی دەكرد،
چێلێكی دیت دەی بۆڕاند .
بۆقەكە بە چێلەكەی گوت « تۆ مەزنیو ئەز بچووكم ،
بەڵام دەنگی من لە دەنگی تۆ خۆشترە . »
چێل گوتی : « من شیرو ماستو نیڤشكو پەنیرم
هەیە ، چەرمی من بۆ مەشكەو پێڵاو بەكاردێت . » .
بۆقەكە پێكەنیو گوتی : « قیرقیر ... منیش ستران بێژی

**ئەم مێرگەم . لـە ڕاوە مێش‌و پێشکەدا گەلەك ئازام . »**

**چێل گوتی : « کەواتە هەردووکمان بەسوودین »**

## ڕاهێنـــان

١ ـ ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواوبکە :

ڕۆژێ بۆقێك ..... مێرگێکدا .... دەکرد .

منیش ..... بێژی ئەم مێرگەم .

٢ ـ دەنگی بۆق یا چێل خۆشترە .

٣ ـ ئەم ووشانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

چێـــل ، لەناڤ ، مـــەزن ، ئـــەز ، نیڤشك ، ستران ، پێشکە .

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| لەناڤ | : | لەناو |
| ستران بێژ | : | گۆرانی بێژ |
| پێشکە | : | مێشوولە |
| مەزن | : | گەورە |
| نیڤشك | : | کەرە |




## مامۆستا

بڵێــــن : مامۆســـتا بـــژی
« بـــژی ، بـــژی ، هـــەربژی »
هـــەربژی ئـــەو چرایـــە
وەك دایـــكو بـــاوك وایـــە ،
بـــە ناســـكیو بـــە خـــەندە
دەڵـــێ : هیـــوام بڵنـــدە
ئێـــوە هـــەموو تێبگـــەن
بـــۆ نیشـــتمان پێبگـــەن



## دارگوێز

له کوردستان گەلێك دارگوێز هەنە ، دارگوێز دارێکی مەزنە • منداڵ حەز له گوێز دەکات •

دارا گوێز بۆئازادو شوان بەردەداتەوە

گوێز وەکو هەڵاتان خڕە ، منداڵان یاری پێدەکەن ، کاکڵەی گوێز لەگەڵ مێوژو خورما دەخۆن .•



# ڕاهێنـان

١ ـ دارگوێز لەکوێ هەیە ؟

٢ ـ گوێز لەچی دەچێت ؟

٣ ـ کاکڵەگوێز لەگەڵ چ دەخورێت ؟

٤ ـ ئەمانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

کاکڵەگوێز ، مێوژ ، مەزن ، شوان ، گەڵێك



## چیرۆك

ڕۆژێك زەینەب بووكی هەڵ دەپەڕاند .

گۆرانی دەگوت‌و دەستیٚ خۆ دەهەژاند .

پشیلە جوانەکەشی دەی میاواند .

دایکی گوتی ، زەینەب گیان ،

بووکا خۆ بنڤینە واخەوی دێت .



# پەری

## بەرگ دەدروێت

پەری کیژێکی جوان‌وژیرە ٠

جارێك دایکی پەری بووکێکی

بۆ پەری کڕی ،

بووکەکە کراسێکی سادەی لەبەردا بوو

پەریش هەندێ والای هێناو

کراسێکی نەخشینی بۆ دروو ، ئەنجا

کردی‌یە بەری‌و بردی بۆلای دایکی‌و گوتی :

دایەگیان بووکەکەم جوانە ؟

دایکی گوتی : ئافەرین ٠٠٠ بەڕاستی

گەلێك باش فێری درومان بوویت ٠

## ڕاهێنـــان

١ ـ دایکی پەری چی بۆ پەری کڕی ؟

٢ ـ بووکەکە کراسەکەی سادەبوو یا نەخشین ؟

٣ ـ دایکی پەری چی گوت ؟

٤ ـ ئەم ووشانە بخوێنەوە :

جارێك ، کیژ ، ژیر ، نەخشین ، سادە ،
والآ ، ئافەرین ٠

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| ژیر | : | ئاقڵ |
| والآ | : | پارچەی ڕەنگاوڕەنگ |
| ئافەرین | : | ئافەرم |



## گـــوڵ چانـــدن

• ڕۆژ باش پەروین .

ڕۆژ باش شێرکۆ ، چۆنـــی ؟

سوپاس پەروین خۆش‌بـــی .

• پێنە ئەو گوڵانە بۆ تـــۆ هەڵگـــرم .

بژی شێرکۆ ، خۆم هەڵیان‌دەگـــرم .


ئەز لە مەکتەبێ گوڵ دەچێنـــم .

تۆش دار بڕوێنـــە .

# پـەپـوولـە

پەپوولەی جوان ، پەپوولەی جوان
پەپوولەی جوانی کوردستان •
زۆر دەلال وئێسك سووكی
دۆستی منداڵی بچووکی
من منداڵم ، وەکی گوڵم
هەر وەکو تۆ پاکە دڵم •
وەرە بۆ لام بفڕە بە باڵ
من وتۆ دەبینە هەڤاڵ •





# پیاوێکی کوێر

**جارێك شێرکۆ بۆ قوتابخـانە دەچـوو ، پیاوێکی کـوێری دیت ، کـەس نـەبوو دەسـتی بگـرێتو دەربازی بکات ، شێرکۆی دلۆڤان دەستی گرتو دەربازی کرد ٠ پیاوە کوێرەکەش سوپاسی شێرکۆی کرد ٠**



## ڕاهێنـــان

ئەم ڕستانە بەم ووشانە پڕبکەوە :

کوێر ، دلۆڤان ، دەرباز ، قوتابخانە

١ ـ شێرکۆ بۆ ٠٠٠٠٠ دەچوو ٠

٢ ـ کەس نەبوو دەستی بگرێتو ٠٠٠٠٠ بکات ٠



## ماتانێ

بەنگین و سەرباز پێکڤە یاریان دەکرد •

ماتی شووشەی ڕەنگینیان • ڕیز دەکرد

ئازاد ڕاوەستابوو سەیری دەکرد •

بانگی کرد ، زارا وەرە ماتانێ بکەین

ئەز ماتانێ ناکەم ، دەرس دەخوێنم •




هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV



## وانە خوێندن

منداڵان دانیشن ، وانە بخوێنن

وانەیەکی زۆر خۆش •

ڤیان دانیشە ، دەی تارا تۆش •

هەستە هەڤاڵ تۆ بخوێنە ،

چاویشت بنووقێنە وبخوێنە

ئەگەر چاوم بنووقێنم ،چۆن دەتوانم بخوێنم ؟



## وێنەکانی پەروین



پەروین ، ئەڤ وێنانە چەند جوانن •

ئەوەکێ نەخشی کردن ؟

ئازاد ئەمانە من نەخشم کردن •

ڕۆژی وێنەیەك دەکەم ، ناڤەکی بۆ دادەنێم •

ئەڤە چیرۆکی گورك وبزن پیشان دەدات •

مام بزن پێ لە سەربانی مام گورك دەدات

مام گورگیش پرسیار دەکات •

ئەوە کێیە تەپە تەپ دەکات •

خەووم لێ تاڵ دەکات •

کێ‌یە کاسەوکەوچکم پڕ لە خۆڵ دەکات ؟

مامز بزنیش بە تووڕەیی دەڵێت

ئەوە منــم من منۆکــێ •
دوو چاوم هەنە بزبزۆکێ
کێ خواردوویە کاریلەی من •

بێتە شەڕە جەنگی مــن •





## ئەندازیارە بچکۆلەکە

لە تەختەدار کۆشکو تەلار
دروستدەکەم
دە بڕوانە ئەم دارانە
چۆن ڕێکدەخەم
بە ئەندازەو شێوەی تازە
چۆنم بوێت :
نەختە نەختە پارچە تەختە
ڕێك دەوەستێت
پاشی کەمێ هەموو دەڕمێ
گوێی نادەمێ
منم منم ئەندازیار
هاوڕێی ئێوەی زاناو هۆشیار



## خاتو زین

خاتوزین ژنـه جووتیارێك بوو ، لـه گوندێکی نزیك شاری
خۆی دەژیا ·
چێلێكو سێ مریشکی هەبوو ،هێلکەی مریشکانی
کۆدەکردەوەو لـه شـیری چێلەکە ماسـتو نیڤشكو ژاژی
دروست دەکرد ·
هەموو ڕۆژێك ئەو ماستو هێلکانەی دەبرد بۆ
شار دەیفرۆشتنو بە پارەکەی :
شەکرو چای لێدەکڕیو بۆ گوندەکەی خۆی دەگەڕایەوە ·

## ڕاهێنـان

ئەم ڕستانە تەواو بکە :

١ ـ شیر لە ۰۰۰۰ دەدۆشرێت ۰

٢ ـ لە شیر ۰۰۰۰ و ۰۰۰۰ دروست دەکرێت ۰

٣ ـ هێلکەو ماست لە ۰۰۰۰ دەفرۆشێت ۰

## لێکدانەوەی ووشەکان

نیڤشک : کەرە

ژاژی : سوێرەکە

# بەرخەکەم

بەرخەکەم نەرمو نۆڵە
پەروەردەی هەردو چۆڵە
لەیاری تونلو تۆڵە
خوری یەکەی سپیو سۆڵە
ئێسك سووکەو خنجیلە
دووگ شۆڕەو گوێ کەپرلە
باعەباعی ناو ماڵی
سازو سەمتوورو زیلە



# ڕاهێنــان

ئەم بۆشایی یانە پڕبکەرەوە :

نەرمو .......

سپی و .......

سازو .......

توندو .......

هەرد و .......

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| هەرد | : | زورگ ، زەوی ی رووت |
| نەرمونۆڵ | : | نەرموشل |
| خنجیلە | : | خشکۆك |
| کەڕیلە | : | کەڕ |
| سازو سەمتوورو زیل | | ئامێری مۆسیقان |
| دووگ شۆڕ | | دوونگ شۆڕ |



# دارخورما

دارخورما دارێکی بەرزە، پەلکی درێژە، سوودی
بۆ مرۆڤ زۆرە :
زمیلەو حەسیرو قەفەزو گەسکی لێدروست دەکرێت .
بنۆڕە ئەم پیاوانە بە گوریس سەرکەوتوونو
خورما لێ دەکەنەوە ..
خورما دەخورێتو سرکەو دۆشاوی لێدروست دەکرێت .

# ڕاهێنــان

١ _ له پەلکی دارخورما چ دروست دەکرێت ؟

له پەلکی دارخورما زەمیلەو ـــ و ـــ و ـــ


دروست دەکرێت ٠

٢ _ ئەمانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

خورما دەخورێتو سرکەو دۆشاوی لێ دروست

دەکرێت

**کشتوکان نەوتێکە لەبن نایە**



## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| پەلك | : | گەڵا ، بەلگ |
| بنۆڕە | : | سەیربکە ، بڕوانە ، بنێڕە |



## کاوە دەفڕێت



دلێر بە کاوەی برای گوت :
« دەخوازیت بە سواری کۆلارە
بچیت بۆ قوتابخانە ؟ »

کاوە گوتی :
چۆن کۆلارە دەتوانێت من
هەڵگرێت ؟
دلێر گوتی :
تۆ ڕاوەستێ ، ئێستا بەم کۆلارەیە خۆتو جانتات
بۆ ئاسمان بڵند دەکەم ...
ئەنجا دلێر وێنەی کاوەی برایو جانتاکەی کێشا ،
بە کۆلارەکەیەوە نووساندو هەڵیدا تا زۆر بەرز بووەوە

**کاوه پێ کەنیو هاواری کرد :**

**دامبگره ... دامبگره ... برا ئەز بە ئاسماندا**

**ناچم بۆ قوتابخانە .**

## ڕاهێنـان

ئەم ووشانە بخوێنەوە :

کۆلارە ، گوتی ، دەخوازیت ،

دەتوانیت ، جانتا ، هەڵیدا .

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| دەخوازێت | : | دەیەوێت |
| کۆلارە | : | تەیارەی کاغەز |
| بڵند | : | بەرز |
| **ئەز** | : | من |

٤١



## ئامۆژگاری

دایکی ڤیان هەموو بەیانی‌یەك
زوو لەخەو هەڵدەستا :
ئاگری دەکردەوەو چای لێ‌دەنا ٠
ڕۆژێکیان ڤیان لەپێش دایکی‌دا لە خەو ڕابوو ، وەکو
دایکی ئاگری کردەوە چا لێ‌بنێت ٠ دایکی هاتەژووری ،
دیتی ڤیان خەریکی ئاگرو چا لێ‌نانە ، گوتی :
ئەوە چی دەکەیت ! جارێکی‌تر یاری بە ئاگر نەکەی
نەکو بسووتێیت ٠

## ڕاهێنـان

١ ـ ئەم ڕستانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسەوە :

جارێکی تر یاری بە ئاگر نەکەی ، نەکو بسووتێیت ٠

٢ ـ کێ زوو لەخەو هەڵ دەستا ؟

٣ ـ ئەوە چیدەکەیت ! ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

## لێکدانەوەی ووشەکان

ئامۆژگاری : نەسیحەت





دۆستی یاسام

به جلوبەرگ‌و به لەش        پاکم وەکو گوڵی گەش

گوێ دەگرم لە مامۆستام        قوتابی‌یەکی وریام

دڵ‌و دەروونم پاکە        هەستو بیرم رووناکە

دۆستی یاساو ئەدەبم        دۆستو برای عەرەبم

# حاجی لەقلەق مارهات

ڕۆژێك لە ڕۆژان حاجی لەق لەق لە زەلکاوێکدا

لە نێچیر دەگەڕا. بیکات بە فراوینی بێچووەکانی

لەناکاو مارێك فیشکاندیو گوتی :

حاجی لەقلەق بە لەقەلەق ، کەنگێ

دەی کەی بە تەقەتەق •

حاجی لەقلەق گوتی :

ئەوا دەی کەم بە تەقەتەق ، پڕی

دایە مارەکەو کوشتیو بردیەوە

بۆ هێلانەی خۆی



## ڕاهێنـــان

١ـ ئەم ووشانە بخوێنەوە :

زەلکاو ٠ لەناکاو ٠ نێچیر ٠ فراوین

٢ ـ ئەمانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

مار دەفیشکێنێت

پشیلە دەمیاوێنێت

سەگ دەوەڕێت

گورگ دەلوورێنێت

## لێکدانەوەی ووشەکان

زەلکاو : زۆنگاو

فراڤین : نانی نیوەڕۆ ، فراوین

کەنگێ : کەی ، چ کاتێ

# چاویلکەی نەنکم



نەسرین گوتی :

نەنکم گەلێك پیرە ‥ هەموو کەس ،

ناوی ناوە داپیرە ‥

چاوی کز بووەو چاویلکە دەکاتە چاو ·

شەوێك منو شنەی خوشکم

لەکن داپیرە دانیشتبووین ، گوتمان :

« داپیرەگیان چیرۆکێکی خۆش بۆمە بێژە ‥ »

نەنە گوتی چاویلکەی من بزربووە ، بگەڕێن بزانن لە کوێیە ، تا چیرۆکێکی خۆش بۆ ئێوە بێژم · ئێمەش زۆر گەڕاین دیار نەبوو ، لەپاشان نۆڕیمان چاویلکەکە بەسەر سەریەوەبوو ، هەموو پێکەوە دەستمان کرد بە قاقای پێکەنینو ووتمان : ئەدی ئەوە نییە بەسەرتەوەیە ؟ ئەویش دەستی بۆ سەری خۆی بردو دەستی کرد بە قاقای پێکەنین ·

نەنەش پەیمانی دانێ کە ڕۆژێکی تر چیرۆکە خۆشەکەیان بۆ بێژێت ، چونکە هەموویان ماندوو بوو بوون ·

# ڕاهێنـان

ئەم ووشانە بخەوە جێی خۆیان :

قاقای ، گەلێك ، من

١ ـ نەنەگوتی : چاویلکەی ـــــ بزربووە .

٢ ـ نەنکم ـــــ پیرە

٣ ـ هەموو پێکەوە دەستمان کردبە ـــــ پێ کەنین

## لێکدانەوەی ووشەکان

لەکن : لەنك ، لەلای

بۆمە : بۆ ئێمە

بزربوو : وونبوو ، گومبوو

## پشیله میوانه



گوڵاڵەو هەتاو دەستە خوشکن ،
هەمیشە پێکەوە یاری دەکەن .
ڕۆژێك گوڵاڵە پشیلەکەی
خۆی هێنا ، کراسێکی

نەخشینی لەبەر کردو لەسەر کورسی داناو پێی گوت :
میوان بەخێر هاتیت .
پشیلە گوتی : « میاو ... میاو ... ئاو ... ئاو ... »
ئەویش لەبری ئاو ، چای بۆ هێنا .
پشیلە ، کە زانی گاڵتەی پێدەکەن هەڵهاتو ڕۆیی .
وانیش دەستیان کردبە قاقای پێکەنین ..
لەدواییدا هەتاو بەگوڵاڵەی گوت :
« دەبوو گاڵتەی پێ نەکەین ، میوان خۆشەویستە .. »

## راهێنـــان

١ ـ ئەم نیشانەیە ( ✓ ) بە پێش وەڵامە ڕاستەکەدا بێنە :

گوڵاڵە چی بۆ میوانەکە هێنا ؟

سێوی بۆ هێنا .

چای بۆ هێنا .

هەناری بۆ هێنا .

٢ ـ ئەمانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

پشیلە هەڵهات

کۆتر هەڵفڕی

پیاوەکە هەڵهات

چێشتەکە هەڵچوو

ڕۆژ هەڵهات

## لێکدانەوەی ووشەکان

لەبری : لەجیاتی

گاڵتە : گەمە :



## شەماڵ نان دەکڕێت

شــەماڵ کوڕێکی زیرەکە ، لە پۆلی دووەم دەخوێنێت ، دەزانێت گەنم لــە ئاش دەهاڕن، ئەنجــا دەبێت بەئارد ، ئاردیش دەبێت بــە هــەویر ، نانیــش لە هــەویر دروست دەکەن •

شــەماڵ ڕۆژێك چوو لە بازاڕ نــان بکڕێت ، ڕیزی گــرت تــا نۆرەی گــەییشتێ ، پارەی بــە نانــەوا داو، شــەش نانی گەرمی کڕیو گەڕایەوە ماڵێ •

دایکی گوتی : سوپاس شەماڵ گیان •

## ڕاهێنـان

١ ـ گەنم لە کوێ دەهاڕن ؟

٢ ـ نان لە چ دروستدەکەن

٣ ـ ئەم ڕستانە پڕ بکەوە :

ڕیزی گرت تا نۆرەی ــــــ

ئەنجا گەنم ــــــ بە ئارد

٤ ـ ئەم ووشانە بخوێنەوە :

دەهاڕن ، گەڕایەوە ، دروستدەکەن، نۆرەی گەیشتێ

٥ ـ ئەمانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

سوپاس

ڕۆژباش

شەوباش

ژیانتباش


خۆشهاتیت

ئێوارەتباش

٦ـ لە دەفتەرکەتدا پێنج جار بنووسە : ئەوەی بەرهەم نەدات نان ناخوات •

## لێکدانەوەی ووشەکان

ئاش : ئاسیاو



## نەخش‌و نیگار

دایکی هەڵگورد لە کوڕەکەی پرسی : « هەڵگورد بە چەند سەعات دەتوانیت نیگارێکی ڕەنگین بکێشیت ؟ »

هەڵگورد ـ بە دوو سەعات ٠

دایکی ـ ئەی بە خۆت‌و نازداری خوشکت بە چەند تەواوی دەکەن ؟

هەڵگورد ـ بە پێنج سەعات ٠

دایکی ـ چۆن ؟

هەڵگورد ـ چونکە نازدار ، پتر حەز لە نەخش‌و چنین دەکات ٠٠ بە قسان خەریکم دەکات ٠

دایکی – دەتۆ نیگاری خۆت بکێشە ، نازداریش

نەخشی خۆی بچنێت ·

## ڕاهێنـــان

ئەمانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە ·

١ – ڕۆژێك چەند سەعاتە ؟

ڕۆژێك بیستو چوار سەعاتە ·

٢ – مانگێك چەند ڕۆژە ؟

مانگێك سی ڕۆژە ·

٣ – ساڵێك چەند مانگە ؟

ساڵێك دوازدە مانگە ·

٤ – هەفتەیەك چەند ڕۆژە ؟

هەفتەیەك حەوت ڕۆژە ·

٥ – مانگێك چەند هەفتەیە ؟

مانگێك چوار هەفتەیە ·

## لێکدانەوەی ووشەکان

نیگار : رەسم

پتر : زیاتر



# باران

سالێکیان باران نەدەباری ،
خەڵك لە گرانی دەترسانو ،
لە باران دەدوان . ڕۆژێك دارا
لە باوکی خۆی پرسی :
بابە .. باران سوودی چی‌یە ؟
بابی گوتی : « باران سوودی
زۆرە ، چونکە :
زەوی پاراو دەکات .
دەغلودان شین دەکات .
ماست زۆر دەکات .
فەقیر تێر دەکات .
دارا گوتی : « کەواتە .. بۆیە منداڵان کۆدەبنەوەو دەڵێن :

هەیارانو مەیاران
یاخوا داکاتە باران
بۆ فەقیرو هەژاران

## ڕاهێنـــان

١ ـ باران ببارێت باشە یان نەبارێت ؟

٢ ـ خەڵك لەچ دەترسان ؟

٣ ـ زەوی بەچ پاراو دەبێت ؟

٤ ـ ئەمانە تەواو بکە :

هەیاران ......

...... داکاتەباران

بۆفەقیرو ......

٥ ـ ئەمانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

گەرمو سارد

شەوو رۆژ

ڕەشو سپی

ڕووناکو تاریك

## لێکدانەوەی ووشەکان

پاراو : تێراو



# خوێندنی بە خۆڕایی

مژدەبێ لێت بچکۆلە
چاوت ڕوون بێ بەرخۆلە
هەلپەڕن چەشنی شایی
خوێندن بوو بەخۆڕایی

چی پێویستی خوێندنە
پەروەردەو فێرکردنە

میری ئەی بەخشی پێمان
چاوی هیوای وا لێمان

دەی تەق تەق ، چەپڵە ، گیانە
بۆ ئەم دەستکەوتە جوانە .

( کاکەی فەلا )



## گورگی نالبەند

ڕۆژێ ئەسپێك لەناو پاوەنێكدا دەلەوەڕا ،

لە ناكاو گورگێكی برسی لێ پەیدا بوو ، لووراندی و گوتی :

ـ من نالبەندم ... من نالبەندم ... ئەسپ نال دەكەم .

ئێستر نال دەكەم . كێ دەیەوێت نالی بكەم ؟

ئەسپەكەش ، كە زانی مام گورگ نیازی خراپە ،

حیلاندیو گوتی :

« فەرموو پاشووی من ناڵبکە »

مام گورگ هات بیخوات ، ئەسپەکە لەو زیرەکتر بوو ، لە ناکاو جووتەیەکی لێدا دەم‌ووددانی تێکهاڕی • مام گورگ بە لوورە لوور بۆی دەرچوو •

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

## ڕاهێنان

١ ـ مام گورگ چی بە ئەسپ گوت ؟

٢ ـ مام گورگ بۆچی گوتی من ناڵبەندم ؟


٣ ـ کامیان زیرەك تر بوو ؟

٤ ـ کامیان خێراترن : ئەسپ یان گوێدرێژ ؟

٥ ـ کامیان خێراترن : ئەسپ یان ئاسك ؟

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| پاشوو | : | پەلی دوواوە |
| جوتك | : | جووتە |



## جەژن


ئەمڕۆ جەژنو ئاهەنگە دنیامان ڕەنگاوڕەنگە

بابچینە باخچەی شاری بۆ گۆڕەپانی یاری

وەرن با لەگەڵ یەك بین سواری چەرخوفەلەك بین

ئای لەو خۆشیو هەرایە دنیا ئاڵو والایە

بێژن بە دڵی بەسۆز جەژنی هەمووتان پیرۆز





## ڕووخۆشی خوشکم

ڕووخۆشی خوشکم تەمەنی پێنج ساڵە.
هێشتا نەچۆتە قوتابخانە ، نازانێت وەك من بنووسێتو
بخوێنێت ، یاری بە لەیستۆك دەكات ، لەگەڵ فیلەپەڕۆکەی
خۆی یاری دەكات ، گوڵدان ئاودەدات ، تۆپێكی هەیە
گەمەی پێ دەكات ·
جارجار كاغەزو قەڵەم لە من دەستێنێت وێنەی م
دەكێشێت · ڕووخۆش فێربووە ناوی خۆی بنووسێت ··

**سترانی بەهاریش دەزانێتو بە دەنگی خۆش بۆمان دەڵێت ٠ دایکم ناوی ناوە ڕوو خۆشی دەنگ خۆش ، هەموو کەسێ ڕووخۆشی خۆش دەوێت ٠**

## ڕاهێنـان

١ ـ ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە :
ڕووخۆشی ٠٠٠٠٠٠ تەمەنی پێنج ساڵە ٠
نازانێت وەك منو ٠٠ ٠٠٠٠ بخوێنێت
یاری بە ٠٠٠٠٠٠ دەکات
ڕووخۆش ٠٠٠٠٠٠ ئاودەدات

٢ ـ ئەمانە لەدەفتەرەکەتدا بنووسە :
گوڵ ـ گوڵدان
شەکر ـ شەکردان
چا ـ چادان

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| لەیستۆك | : | بووکە شووشە |
| لەگەڵ | : | لەتەك |
| ستران | : | گۆرانی |

## سەردار

## شوێن ئوتومبێل دەکەوێت


سەردار لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بە ڕێگادا دەڕۆییشتن ، چاویان بە ئوتومبێلێ کەوت ، لە پێشیانەوە دەڕۆیشت •

سەردار بەشوێنیدا ڕای کردو خۆی پێوە هەڵواسی ، بەڵام لەبەرئەوەی کە نەیتوانی دابەزێت کەوتە خوارەوەو دەستێکی شکا ، هەڤاڵەکانی هەڵیان گرت ، تا گەیاندیانە ماڵەوە • کە باوکی چاوی پێ کەوت

گوتی :

« کوڕم لەمەوپاش دوای ئوتومبێل نەکەویت »

سەردار گوتی : « تۆبە بێت بابەگیان ، ئیتر هەرگیز دوای ئوتومبێل ناکەوم »



## ڕاهێنـان

١ ـ سەردار بۆچی دەستی شکا ؟

٢ ـ باوکی سەردار چی گوت ؟

٣ ـ ئەمانە تەواوبکە :

سەردار گوتی : « ـــــ بێت بابەگیان ـــــ هەرگیز دووای ـــــ ناکەووم »

٤ ـ هەڵگرت

هەڵواسی

هەڵدڕی

هەڵفڕی

هەڵهات

ئەم ووشانەی سەرەوە بنووسەوە .


## لێکدانەوەی ووشەکان

هەڤاڵ : هاوڕێ

لەمەوپاش : لەمەودوا

هەرگیز : قەت

دابەزی : هاتەخوارەوە



# چـەقـەڵ

چەقەڵ گیانداریکی فێڵبازەو حەز لـە خواردنی مریشك دەکات ، مریشکیش لە فێڵی گەیشتووە کە چاوی پێ کەوێت رادەکات ٠

ڕۆژێ لە ڕۆژان چەقەڵێك بیری کردەوە کە فێڵێکی نوێ بدۆزێتەوە ، لەبەر ئەوە دەستی کرد بە نوێژکردن ٠

مریشکێك بە لایدا رابووردو لێی پرسی :

« مام چەقەڵ ئەوە خەریکی چیت ؟ »

چەقەڵیش وەڵامی دایەوە : « تۆبەم کردووە ئیتر مریشك نەخۆم » ٠

مریشکەکە گوتی : « بڕوام بەمە نیيە ٠ »

چەقەڵەکەش گوتی : « خواهەریەکەو نابێ بە دوو »

**مریشکەکەش ووتی : ( تۆ درۆزنی )**
**چەقەڵ گوتی ( بەناوی خوای بەخشندە )**
**مریشك گوتی ( هیچ باوەڕت پێ ناکەم )**
**چەقەڵ گوتی : « هەموومان دەچینەوە بەربارەگای خوا »**
**مریشکەکە باوەڕی پێ کردو هاتە لایەوە ••••••**
**ئەمیش پڕی پیاکردو قیڕەی بڕیو خواردی •**

## ڕاهێنـــان

١ ــ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە :
چەقەڵ چی دەخوات ؟
چەقەڵ فێڵبازە یا مریشك ؟
ئایا مریشك باوەڕی بە مام چەقەڵ کرد ؟
چەقەڵ لە کوێ دەژی ؟
بۆچی چەقەڵ گوتی : تۆبەم کردووە ؟
٢ ــ ئەم بۆشاییانە پڕبکەوە :
چەقەڵ حەز لە •••••• مریشك دەکات •
مریشکەکە گوتی : •••••• بەمە نییە •
چەقەڵ دەستی کرد بە ••••••

٣ ـ ئەم ووشانە بنووسەوە :

نوێژکردن

ڕاکردن


باوەڕکردن

فێرکردن

تۆبەکردن

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| چەقەڵ | : | تۆری |
| فێڵباز | : | حیلەباز |
| ڕادەکات | : | دڕەقت |
| تازە | : | نوێ |



## خەوێکی خۆش

ڕۆژێ لە ڕۆژان مامۆستا فەرهاد گۆڤارێکی پڕ نیگاری
لە کتێبخانەکەی قوتابخانە بۆ سمکۆ وەرگرت • ئەویش

شەوێ لەماڵی خۆیان یەكیەك نۆڕیە نیگارە جوانەكان ،
تا چاوی چووە خەوێ ، شەوێ لە خەونیدا خۆی
لەناو دارستانێكدا دیت ، سەیری كرد شێرو پڵنگو
مەیموونو ڕێویو كوندەبەبو ، لەگەڵ
زەرافەی مل درێژی بەڵــەك هاتوون بەپیریەوە میوانداری
دەكەن • كە گەیشتنە یەك ، سمكۆ گوتی :
ئای ئەمە ئێوەن •• چۆنن •• چاكن •• خـۆ ئێوە لـەناو
گۆڤارەكەمدا بوون ، ئـەوە چ دەكـەن لێرە ؟• دەستی كرد
بـە قاقای پێكەنین • ئیتر سمكۆ لە دەنگی پێكەنینی خـۆی
بەخەبەر هات •



## ڕاهێنــان

١ ـ ناوی پێنج گیانەوەر بنووسە ٠

٢ ـ ناوی پێنج باڵندە بێنە ٠

٣ ـ ئەم ڕستەیە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە ٠

ئای ئەمە ئێوەن ٠٠٠٠ چۆنن ٠٠٠٠ چاکن ٠٠٠٠

خۆ ئێوە لە ناو گۆڤارەکەمدا بوون

ئەم ووشانە بخوێنەوە :

| | |
|---|---|
| کتێب | ـ کتێبخانە |
| کەباب | ـ کەبابخانە |
| چای | ـ چایخانە |
| چێشت | ـ چێشتخانە |
| خەستە | ـ خەستەخانە |

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | |
|---|---|
| نیگار | : وێنە |
| نۆڕیمە | ؛ ڕوانیمە |
| بەڵەك | : پەڵەپەڵە : بازوو |
| خەون | : خەو |

# باڵندەو تفەنگ



کاکە ڕەش دوو کوڕی مەزنو کیژێکی بچووکی
هەبوو ، یەك ناوی هەندرێنو یەك ناوی
پیران بوو ، کیژەکەش ناوی چنووربوو •
دارگوێزێکی گەلەك مەزن لە حەوشیاندا
هەبوو ، مەلو بولبولی دەنگ خۆش
لەسەر دار گوێزەکە دەیان خوێند ،
چنوور دڵی بەوان خۆش‌بوو ، دەستی
بەگریان کردو بەبابی گوت :
« ئەوێ ڕۆژێ هەر من لە ماڵ‌بووم
کابرایەکی تفەنگ بەدەست تفەنگی
گرتە دارگوێزو چوار باڵندەی
دەنگ خۆشی کوشت ••• »
کاکە ڕەش فرمێسکی چنووری سڕیو گوتی :
« زیزمەبە •• ئیدی کەس باڵندەی دەنگ‌خۆش ناکوژێت • »

## ڕاهێنـــان

١ ـ کاکە ڕەش چەند کوڕی هەبوو ؟

٢ ـ چ لە حەوشەکەیاندا هەبوو ؟

٣ ـ بولبولی ـــــ لەسەر دارگوێزەکە ـــــ

٤ ـ ئەم ووشانە لە دەفتەرەکەتدا



بنووسەوە :

تفەنگ بەدەست ،

فرمێسك ، ئیدی ،


زیز ، دەنگ خۆش

### لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| کیژ | : | کچ |
| مەل | : | باڵندە |
| ئەوێڕۆژێ | : | ئەورۆژە |
| ئیدی | : | ئیتر |
| مە | : | ئێمە |

## داراو پشیلەکەی

دارا پشیلەیەکی سپی ی جوانی هـەبوو زۆری خۆش دەویستو هەمیشە گەمەی لەگەڵ دەکرد  خواردنی دەخستە بـەردەمی ، بـەڵام جارێکیان نەیزانی ، گوێی ڕاکێشـا • پشیلەکەش تووڕە بووو قیژاندیو دەستی دارای گەست ، دارا دەستی بەگریان کردو ڕای کردەلای دایکی • دایکیشی دەستی بۆ تیمارکردو گـوتی : «لەمەودووا ئازاری گیان لەبەر نەدەیت »



## ڕاهێنـان

١ ـ پشیلەکەی دارا چۆن بوو ؟

٢ ـ دارا بۆچی گریا ؟

٣ ـ ئەمانە تەواو بکە :

دارا پشیلەیەکی ـــــ ی ـــــ ی هەبوو ·

لە مەودووا ـــــ ی گیانلەبەر مەدە ·

١ · ئەمانە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

دەستی بەگریان کرد

دەستی بەکار کرد

دەستی بەنووسین کرد

٢ · جارێکی تر

پیاوێکی تر

ڕۆژێکی تر

ژنێکی تر

ماڵێکی تر

### لێکدانەوەی ووشەکان

هەمیشە : بەهەموودەم

گەست : گازی لێ گرت



## باخەکەمان

ئێمە لە ماڵەوە باخێکی جوانمان هەیە • هەمیشە بەهارو لاولاوو ڕێحانەو گوڵەباخ‌و شیلان‌و مێخەك ، سەوڵ‌و نازنازی تێدا دەڕوێنین •

لە ناوەندی حەوشەکەدا حەوزێکی بچووکیش هەیە • کەپرێکی خۆشمان بەسەرەوە کردووەو تووڵی مێوەکانمان خستۆتەسەر ، ئەم مێوانە هەموو ساڵێك ترێ دەگرن • بۆ ئەوەی زەردەواڵە ترێیەکە نەخوات دایکم هێشووەکان لە توورەکە هەڵدەکێشێت تا دەمەوپایز ، ئەنجا هێشووەکان لە توورەکەکان دەردەهێنین‌و دەیانخۆین •

# ڕاهێنـــان

١ ـ ئەم ڕستانە تەواو بکە :

ئەم مێوانە ـــــــ دەگرن

دایکم هێشووەکان لە ـــــــ هەڵ دەکێشێت ·

٢ ـ ئەم ووشانە بنووسە :

دەمەوپایز · کەپر · گوڵەبـاخ · لاولاو · ڕێحـانە ·

دەخۆین · دەنووسین · دەکەین · دەبێژین ·

٣ ـ ئەم ڕستانە پڕکەوە :

دارمێو ترێ دەگرێت

دارسـێو ـــــــ دەگرێت ·

داربەڕوو ـــــــ دەگرێت ·


دارگوێز ـــــــ دەگرێت ·

دارهەنار ـــــــ دەگرێت ·

## لێکدانەوەی ووشەکان

شـیلان : ناوی گوڵێکە

توورەکە : کیسە



هەرەوەز



ڕۆژێك کەڵەشێرو مریشكو مراوی کۆبوونەوە
مریشك دەنکە گەنمێکی دۆزی‌یەوە ، پرسی
لە کەڵەشێر چی لێ بکەم ؟
مراوی گوتی « وەرن بابەیەکەوە ئەو دەنکە
گەنمە بچێنین »
کەڵەشێرو مریشك گوتیان باشە ..
مریشك بە دەنووك زەوی کێلاو دەنکەگەنمی چان



مراوی هەموو ڕۆژێك ئاوی دەدا •
کەڵەشێر گەنمەکەی دەپاراستو
نەیدەهێشت باڵندە بیخۆن •
گەنم بڵندبوو ، دانی گرت ، زەردبوو ،
پێگەییشت •••
کەڵەشێر بەدەنووك لاسکی قرتاند ،
مریشك بەلاق گێرەی کرد
مراوی بە دەنووکە پانەکەی
کۆی کردەوەو شەنی کردو کردی یە
خەرمان •
خەرمانی سووریان بەش کرد ،
هەرسێك خۆیان لە گەنم
تێر کرد •

## لێکدانەوەی ووشەکان

-ـنووك : دەندووك
-ـشك : مامر

# ڕاهێنـــان

١ ـ سەعات چ دەبێژێ ؟

٢ ـ ئەگەر سەعات کارنەکات چی لێ دەکەن ؟

وەستا . . . . . .

٣ ـ ئەی ئەگەر مرۆڤ کار نەکات ؟

مرۆڤ کارنەکا . . . . . زۆر . . . . . .

ژەنگی . . . . . . شوورەیی‌و . . . . . .

٤ ـ ئەم ووشانە بنووسەوە :

تێکۆشە ، ووشیاربە ، کار ، شوورەیی ، کاتژمێر

٥ ـ وێنەی سەعاتێکی سەر مێز بکێشە .



## بەهـــار

ئاگری نەورۆز کرایەوە ، بەفری زستان توایەوە .

سەرمای زستان بڕایەوە ، بەهاری جوان گەڕایەوە ،

ئاوی چەمو کانیو ڕووبارەکان زۆربوون ،

زەوی تارایەکی سەوزی پۆشی ،

چرۆی درەختەکان پشکووتن ،

گوڵو گیای دەشتەکان بووژانەوە ،

خەڵکی بەرگی زستانەی داکەندو ، بەرگی بەهارەی پۆشی •
شیرو ماستو نیڤشكو ژاژی پڕ بازار بوو •
هەر خەڵکی بوو بۆ ڕابواردنو سـەیران ڕوویان دەکـردە
سەرکانیو چـەمو ڕووبارەکان • دەستیان دەکرد بەشاییو
هەڵپەڕکێو شمشاڵ لێدان •
بڕوانە ئەوە ماڵی خاتو زینە ، هاتوونە سەیرانێ
خاتو زین ڕایەخی ڕاخستووەو سەماوەری لێدەم کردووە ،
چا بۆ منداڵەکانی تێدەکات •
شەونم چەپکێ گوڵی کردۆتـەوەو دەیـەوێ بیباتـەوە بۆ
باوکی •
بارامیش لەبەردەم کاکی دانیشتووە •
فەرهادیش شمشاڵیان بۆ لێدەداتو دەڵێ :
بەهار ••• بەهار
بەهاری کوردستان •••
یاخوا بەخێر بێیت بەگوڵوڕەیحان

# ڕاهێنـــان

١ ـ ماڵی خاتو زین کەی چوون بۆ سەیران ؟

٢ ـ دەنگی شمشاڵ خۆشە یا ناخۆش ؟

٣ ـ شەونم دەیویست گوڵەکە بۆ کێ بەرێتەوە ؟

٤ ـ ئەمانە تەواوبکە :

دەستیان کرد بە ٠٠٠٠ و هەڵپەڕکێ ٠

گوڵو گیای ٠٠٠٠٠٠ بووژانەوە ٠

سەرمای ٠٠٠٠٠٠ بڕایەوە ٠

٥ ـ ئەمانە بنووسەوە :

فەرهاد شمشاڵ لێدەدات ٠

شیرین مەشکە دەژەنێت ٠

خاتووزین چا لێدەنێت ٠

ئەو کوڕە یاری دەکات



## گوڵی ناوباخ

ئێمە گوڵی ناو باخین
پەروەردەی دەشت و شاخین

ئاوی کانیی ڕووناکین
ئاشنای خۆرو بێباکین

جگەرگۆشـەو چالاکـین
خەمڕەوێن‌و دڵ‌پاکـین

بۆ وولاتمان زۆر چاکـین
لـە داهاتـوو چاپوکـین

ئەڤینی ژین‌و سۆزین
چاوی دایکان‌و باوکـین

عبدالله حمه سوور محي‌الدين

87



## چۆلەکەو مەیموون

جارێکیان بۆقێكو چۆلەکەیەكو کەروێشکێ دەبنـە هەڤاڵو پێکڤە لە خانوویێکی خۆشدا وەك برا دەژیان •

هەر کەسێ چاوی پێیان بکەوتایە خۆزی پێدەبردن ، چونکە :



چۆلەکەکە بەیانی زوو دەچوو لەدارستان داری دەهێنا

بۆق دەچوو لە ڕووبار ئاوی دەهێنا ٠

کەروێشکیش چێشتی بۆ لێدەنانو ناوماڵەکەی بۆ

گەسك دەدان ٠

ئیوارێیەك مەیموونێك دەبێتە میوانیان ، شەو لەلایان

دەمێنێتەوە زۆر ڕێزی لێدەگرن ، خواردنی باشی بۆ

دادەنێن ٠٠ نوێنی پاکی بۆ ڕادە خەن ٠ بەڵام مەیموون کە

دەبینێ هەموو وەك برا پێکڤە دەژینو سوێند

بەسەرییەکتر دەخۆن خۆزگەی پێدەبردن ، بۆیە لـە دڵی

خۆیدا دەڵێ : « ئەگەر من مەیموونبم ، دەبێت لانەتان



لیٚ تیٚك بدەم ••• » دەنگ ناکات هەتا چۆلەکەکە
دەچیٚت بۆ دار ، شوێنی دەکەوێتو لە ڕیٚ پیٚیدەڵێت :
ـ براچۆلەکە ! •• من ئەمشەو لە داخی تۆ خەوم
لیٚنەکەوتووە من نازانم تۆ برای بۆقو کەروێشکەکەی
یا نۆکـەری ناومـاڵی ؟! کـاری تۆ زۆر گرانـە •• خـو
هەڵ ناگریٚ هەر تۆ ماندوو بیتو ئەوان بیٚنە سەر حازری
من ئەمەت بۆ خوا پیٚدەڵیٚم ، لە گویٚی بگرە
هەتا نەفەوتاوی • ئیتر بەخوام سپاردی •
چۆلەکەکە بڕوای بەقسەی مەیموونەکە کرد ، ئەو
ڕۆژە لە دارستانەکەوە بە دەستی خاڵی گەڕایەوە •
چوو لەولاوە لیٚیدانیشتو نقەی لە خۆی بڕی •

کەروێشك گوتی :

- براچۆلەکە ‎·‎· ئەوە چیتە ؟ خۆ نەخۆش نیت ؟

بۆقەکەش گوتی :

- برای باش ‎·‎· دەترسم ماندوو بیت ؟

چۆلەکەکە بە تووڕەییەوە گوتی :

- بەڵێ زۆر ماندووم و چیدی ئەو کارە ناکەم ‎·

کەروێشك گوتی :

- برا ‎·‎· تووڕە مەبە ، لەمەولا :

من دەچم لە دارستانەکەدا دار دەهێنم ‎·

تۆش بچۆ لە ڕووبارەکە ئاومان بۆ بێنە ‎·



بۆڤیش چێشتمان بۆ لێ‌بنێ •
لەسەر ئەمە پێک‌هاتن ، بەیانی زوو :
کەروێشک چوو بۆ دارستانەکە ، داربهێنێت •
بۆق دەستی کرد بەچێشت لێ‌نان •
چۆلەکەکە لەسەر ڕووبارەکە گۆزەکەی پڕ کردو
ویستی هەڵی‌بگرێت ، نەی‌توانی لە دەستی
کەوتەخوارێو گۆزەکە شکا •
بۆقەکەش چێشتەکەی لە مەنجەڵەکەدا سووتا •
کەروێشکەکەش نیوە شەو بە شەلەشەل هاتەوە ،
تۆمەز چەقیبوە ناو قوڕ ، هەر هاواری دەکرد :
ئای قاچم ••• ئای قاچم ••
بۆقو چۆلەکەکە کەروێشکیان هەڵ‌گرتو هێنایانە
ژوورێ •
کەروێشک گوتی : برسیمە تۆزێ چێشتم بدەنێ •
بۆقو چۆلەکە تۆزێ دامان ، لەپاشا چۆلەکەکە ڕووی
کردە کەروێشکو گوتی « بەخوا نە ئاومان هەیەو
نەچێشت ، دەبێت ئەمشەو بێ‌شێو سەربنێینەوە ، بەڵام
من زۆر دڵ تەنگم کە بەقسەی ئەو مەیموونە چەپەڵەم
کرد ، پیاو نابێت بەقسەی ناحەز فریو بخوات •

## ڕاهێنـــان

١ ـ کێو کێ بوونە هەڤاڵ ؟

٢ ـ چۆن دەژیان ؟

٣ ـ کێ ویستی بەگژ یەکیاندا بدات ؟

٤ ـ ئەم بۆشاییانە پڕبکەوە :

کەروێشك ٠٠٠٠٠٠ی لێدەنا ٠

بۆق ئاوی لە ٠٠٠٠٠٠ دەهێنا ٠

چۆلەکە داری لە ٠٠٠٠٠٠ دەهێنا ٠

٥ ـ ئەمە لە دەفتەرەکەتدا بنووسە :

پیاو نابێت بە قسەی ناحەز فریو بخوات ٠

٦ ـ ئەمانە بنووسەوە :

کەروێشکەکە بە شەلەشەل هاتەوە ٠

سەگەکە بە حەپەحەپ ڕای کرد ٠

ژنەکە بە بۆلەبۆل ڕۆیشت ٠



۷ی نیســــان

ڕۆژی حەوتەمی مانگی نیسانی هەموو ساڵێك ئاهەنگە
ئالا بەرزدەكرێتەوەو هاواردەكرێت : بژی حزبو بژ
شۆرشی مەزنی حزب •
دەبێ حەوتی نیسان مانای چیبێت ؟
باوكم گوتی : مانای ژیانی نوێیە • كاكم گوتی :
نیشانەی خەباتی عەرەبە • گوڵیش گوتی :
مانای بەهارە كەوا لە دڵماندا دەژی •

## راهێنـــان

١ ـ ستوونی راستبەو مانایەی ستوونی دەستەچەپ بگەیەنە کـە بـۆی دەســتدەدات :

رۆژی حـەوتی نیسان لەدایك بوونی حزبی سەرکردەیە
جەژنی مامۆستایە
خۆمالی کردنی نەوتـە

٢ ـ ئەم ڕستەیە تەواو بکە :
گـوڵ گوتی : مانای بـە هارە کـەوا ٠٠٠٠٠٠

95




## کەروێشکێکی ووریا

جارێکیان ڕێوی‌یەك ویستی کەروێشکێك بخوات . بۆ ئەمەش چووە نزیك کونی کەروێشکێك ، خۆی دا بەزەوی‌داو هەردوو چاوی نووقاند ، دەمی خۆی کلیل دا ، چوار پەلی لێ‌ڕاکێشاو خۆی‌کرد بە مردوو . کە کەروێشکەکە هاتەوەو ڕێوی‌یەکەی بەم چەشنە دی ، دڵی خۆش بوو بەڵام نەی‌وێرا

نزیکی بکەوێت چونکە لەوە دەترسا کە فێڵێك بێتو بۆ خواردنی خرابێتەکار • لەبەر ئەوە بە دەنگی بەرز گوتی :

« ڕێوی هەژارو بەسەزمان مردووە ، بەڵام وەکو بیستوومە ڕێوی کە مرد دەمی دادەچەقێو قاچەکانی بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە ، کەچی نازانم بۆچی ئەم ڕێوییە دەمی نووقاوەو قاچەکانی لێدرێژکردووە ؟ »

کە ڕێوییەکە گوێی لەم قسەیە بوو دەمی داچەقاندو قاچەکانی هەڵبڕی • ئینجا کەروێشکەکە بۆی دەرکەوت ڕێوییەکە زیندووە ، ڕای کردو تیر پێی پێکەنی •



## ڕاهێنــان

١ ـ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە :

کەروێشکەکە چی گوت ؟

ڕێوی‌یەکە بۆچی چاوی خۆی نووقاند ؟

بۆچی کەروێشکەکە بە ڕێوی‌یەکە پێ‌کەنی ؟

ڕێوی‌یەکە زیندوو بوو یا مردبوو ؟

٢ ـ ئەم ووشانە بخوێنەوە :

ڕاکشابوو

چاوی نووقابوو

مردبوو

زیندوو بوو

ڕەقی بوو

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | |
|---|---|
| ووریا | : زیرەك |
| قاچ | : پێ |

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| جەژنی شۆڕش | ٥ |
| چەك هەڵگرن | ٧ |
| خاوێنی | ٨ |
| ئەڤ مرۆڤانە كاردەكەن | ١٠ |
| هەموو كاردەكەن | ١٣ |
| گورانیی بیشرەوان | ١٥ |
| دنگی مۆسیقا | ١٧ |
| بۆقو چێل | ١٨ |
| مامۆستا | ٢٠ |
| دارگوێز | ٢١ |
| چیرۆك ( رۆژێك زینەب ) | ٢٣ |
| پەری بەرگ دەدروێت | ٢٤ |
| گـول چاندن | ٢٦ |
| پەپوولە | ٢٧ |
| پیاوێكی كوێر | ٢٨ |
| ماتانێ | ٢٩ |
| وانە خۆیندن | ٣٠ |
| وێنەكانی پەروین | ٣١ |
| ئەندازیارە بچكۆلە | ٣٣ |
| خاتووزین | ٣٤ |
| بەرخەكەم | ٣٦ |
| دارخورما | ٣٨ |
| كاوە دەفڕێت | ٤٠ |
| ئامۆژگاری | ٤٢ |
| دۆستی یاسام | ٤٤ |
| حاجی‌لەق‌لەق مارهات | ٤٥ |
| چاویلكەی ئەنكم | ٤٧ |
| پشیلە میوانە | ٤٩ |
| شەماڵ نان دەكرێت | ٥١ |
| نەخش‌ونیگار | ٥٣ |
| باران | ٥٥ |
| مەتەڵ | ٥٧ |
| گورگی نالبەند | ٥٩ |
| جەژن | ٦١ |
| رووخۆشی خوشكم | ٦٢ |
| سەردار | ٦٤ |
| چەقەڵ | ٦٦ |
| خەوێكی خۆش | ٦٩ |
| باڵندەو تفەنگ | ٧٢ |
| داراو پشیلەكەی | ٧٤ |
| باخەكەمان | ٧٦ |
| هەرموز | ٧٨ |
| سەعات | ٨١ |
| بەهار | ٨٣ |
| گوڵی ناو باخ | ٨٦ |
| چۆلەكەو مەیموون | ٨٨ |
| ٧ی نیسان | ٩٤ |
| كەروێشكێكی ووریا | ٩٦ |